# ئاشتەوایی نیشتمانی و چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکان لە هەرێمی کوردستان

**موەفەق عادل عومەر**، دکتۆرا لە سیستەمە سیاسییەکان و مامۆستا لە بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی_ زانکۆی سەڵاحەددین

**پێشەکی**

هەرێمی کوردستان لە دامەزراندنییەوە بە شێوەیەکی فەرمی و جێگیرکردنی لە دەستووری عێراقدا وەکوو یەکەیەکی فیدراڵی تا ئێستا ڕووبەڕووی ئەم جۆرە مەترسییانە نەبۆتەوە، کە لەم ماوەیەی دواییدا بەدەستیانەوە دەناڵێنێت. گوشار و مەترسییەکی زۆر لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان هەیە؛ هۆکاری ئەم گوشارانە و تا ڕاددەیەك لاوازبوونی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، بۆ چەندان هۆکاری گرنگ دەگەڕێتەوە، بەڵام گرنگترینی ئەم هۆکارانە، ناتەبایی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە و بەتایبەت کێشە و گرفتە قووڵەکانی دوو هێزی گرنگی هاوکێشەی سیاسیی هەرێم کە "پارتی دیموکراتی کوردستان" و "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"ن. گرفت و مەترسییەکان گەیشتۆتە ئاستیکی زۆر مەترسیدار و ئەگەر پەلە نەکرێت لە چارەسەرکردنی کێشە نێوخۆییەکانی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم، لەوانەیە باردۆخێکی زۆر نالەبار دروست ببێت. بۆیە دەبێت لە قۆناغی ئێستادا و زۆر بەپەلە دەست بە پرۆسەی "ئاشتەوایی نیشتمانی" بکرێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان؛ بەپێچەوانەوە بە ئەگەرێکی زۆر، کۆتایی بە قەوارەی دەستووریی هەرێم دەهێنرێت یاخود زیاتر لاواز دەکرێت.

**بەردەوامیی ناکۆکییە ناوخۆییەکان چ کاریگەرییەکی لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان لە بەغدا و ئاستی نێودەوڵەتی دەبێت؟**

پارتی و یەکێتی لە 17ی ئەیلوولی ساڵی 1998 لە واشنتۆن بە سەرپەرشتیی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا "**ڕێککەوتنی ئاشتیی واشنتۆن**"یان واژۆ کرد[1]. ئەم ڕێککەوتنە، دواتر بوو بە بنەمایەك بۆ ڕێککەوتنی ستراتیژیی پارتی و یەکێتی کە لە ڕێکەوتی 27ی تەممووزی ساڵی 2007 واژۆ کرا. ئەم دوو هەنگاوە گرنگە، بۆ ماوەیەکی باش توانیی گرژییەکانی نێوان هەردوو لا تا ئاستێکی دیاریکراو بوەستێنێت و، زەمینەی بۆ کارکردنی هاوبەش ڕەخساند. بەڵام دواتر لەگەڵ تێکچوونی باری تەندروستیی جەلال تاڵەبانی، سەرۆککۆماری پێشووتری عێراق و سکرتێری گشتیی پێشووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەتایبەت لە دوای ساڵی 2012، پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی قۆناغ بە قۆناغ بەرەو خراپتر ڕۆیشت و لە دوا وێستگەدا ئێستا گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر خراپ کە پێشبینی دەکرێت ئەگەر ئەوها درێژەی پێی بدرێت، بە زیانێکی زۆر گەورە و مێژوویی کۆتایی پێی بێت و سەرجەم دەسکەوتەکانی گەلی کورد لە عێراق لەدەست بچێت. بۆیە ئەگەر بەگشتی چاوێك بەو زەرەر و زیانانەی کە بەهۆی ناکۆکییەکانی پارتی و یەکێتییەوە بەر هەرێمی کوردستان کەوتوون، بخشێنین، ئەوە دەتوانین بەم شێوەیە بیانخەینە ڕوو:

1. پێش هەموو شتێك، پێگەی هەرێمی کوردستانی لە بەغدا بە شێوەیەك لاواز کردووە، دەتوانین

بڵێین پێگەی هەرێم لە دوای 2003وە قەت ئاوا لاواز و بێهێز نەبووە. هێزە عێراقییەکان، بە شیعە و سوننەوە و تەنانەت لەگەڵ هەندێك لایەنی کوردیشەوە، دژایەتییەکی بێوێنەی هەرێمی کوردستان دەکەن. لە هەموو لایەکەوە هەرێمی کوردستان کراوەتە ئامانج. هەر لەسەرەتاوە دادگەی باڵای فیدراڵیی عێراق تا ئێستا چەندان بڕیاری سیاسیی لە دژی هەرێمی کوردستانی دەرکردووە و بەردەوامیشە لەسەر ئەم هەڵوێستەی؛ دواتر گوشارەکان لە یاسای بوودجە عێراقیش کە بۆ ساڵانی (2023، 2024 و 2025) ئامادە کرابوو، بۆ سەر هەرێمی کوردستان درێژەی پێ درا و بەپێچەوانەی ڕێککەوتنەکانی نێوان هەولێر – بەغدا ناوەڕۆکەکەی پەسەند کرا و تەنانەت لە کاتی جێبەجێکردنی یاسای بوودجەی عێراقیش، لە ڕێگەی داهێنانی هەندێك چەمکی ئاڵۆزی وەکوو "خەرجییە فعلییەکان"، گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە هیچ بڕە پارەیەك بۆ هەرێمی کوردستان نەنێرن. بێ گومان سەرجەم ئەم پێشهاتانەیش دوای بڕیارەکەی دادگەی پاریس دەربارەی فرۆشتنی نەوتی هەرێم، کە لە ئەنجامیدا پرۆسەی فرۆشتنی نەوت بەتەواوەتی وەستا، بارودۆخی هەرێمی کوردستانی گەیاندە ئاستێکی زۆر مەترسیدار. کەواتە لە ڕێگەی دادگە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و گوشارە سیاسییە ناڕەواکانی هیزە سیاسییە عێراقییەکان کە پشتئەستوورە بە پاڵپشتیی لایەنێکی هەرێمی، لەسەر ئاستی نوێنەرایەتیکردنی هەرێم لە بەغدا، هەرێمی کوردستان هیچ کاتێك ئەوها لاواز و شپرزە نەبووە لە بەغدا، چونکە ئێستا بەغدا مامەڵەی پارێزگاش لەگەڵ هەرێمی کوردستان ناکات!

ئەگەر ناکۆکییەکانی پارتی و یەکێتی بەردەوام بێت، ئەوە لە ئەنجامدا هەرێمی کوردستان بەلاوازی ناتوانێت بەرگەی ئەم هەموو گوشارە نێوخۆییانە بگرێت و، زۆر بەداخەوە چارەنووسەکەی هیچ جیاوازتر نابێت لە کەرکووك کە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەر تیایدا دروست بووە. واتا هەرێمی کوردستان دەکەوێتە ژێر ڕەحمی حەشدی شەعبی و هێزە سیاسییەکانی دیکەی عێراق کە لەلایەن وڵاتێکی هەرێمییەوە پاڵپشتییان لێ دەکرێت. بۆیە هیچ بژاردەیەکی دیکە لە بەردەم پارتی و یەکێتی نەماوە جگە لە ڕێککەوتن. کێشەکە لەوەدایە کە بۆ ئەنجامدانی ئەم ڕێککەوتنە کاتی زۆریشیان لەبەردەمدا نەماوە.

2. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمییش هەرێمی کوردستان بەهۆی ناسەقامگیریی سیاسیی ناوخۆیی، ڕووبەڕووی شلەژانێکی بەرچاو بۆتەوە. با ئەوە لەیاد نەکەین ئەلفوبێی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دەرەکیی سەرکەوتوو، بریتییە لە بەهێزبوون و یەکگرتووبوون لەسەر ئاستی ناوخۆ. لە پاڵ ئەوەی کە هەرێمی کوردستان یەکەیەکی سەربەرخۆ نییە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەم هۆیەیشەوە ڕووبەڕووی چەندان گرفت بۆتەوە، ئەگەر کێشە ناوخۆییەکانیشیان بۆ زیاد بکرێت، ئەوە هەر بەتەواوی پێگە نێودەوڵەتییەکەی لەدەست دەدات.

ناتەباییی نێوماڵی کورد ڕاستەوخۆ کاریگەریی کردۆتە سەر پێگەی هەرێمی کوردستان و، ئەم ڕاستییەیش لە کاتی سەردانیکردنی بەرپرسە باڵا بیانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت و دەبینرێت؛ لە بری ئەوەی چاویان تەنیا بە نوێنەرانی حکوومەت بکەوێت، ناچار دەبن جاروبار بەتەنیا لەگەڵ نوێنەری لایەنە سیاسییەکان کۆ ببنەوە. ئەمەیش لە ڕاستیدا کارەساتە کە نەتوانرێ بەیەکدەنگی و یەکهەڵوێستی لە هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بەرپرسە باڵا بیانییەکان بکرێت. ئەم بارودۆخە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کاریگەریی زۆر خراپی دەبێت بۆ سەر پێگەی هەرێمی کوردستان.

لە لایەکی دیکەوە لاوازیی پێگەی هەرێمی لەسەر ئاستی ناوخۆ، دەبێتە هۆکارێکی ڕاستەقینە بۆ کۆتاییهێنان بــە پــاڵپشتییە نێودەوڵەتییەکــان کــە پێشکەشــی هەرێمــی کوردســتان دەکرێــت. بــۆ نمــوونە پــاڵپشتی و هاوکارییەکـانی ئەمریکا بـۆ هێزەکـانی پێشمەرگـە کـە چەنـدان سـاڵە بەردەوامـە، خەریکـە ئـەم یـارمەتی و پاڵپشتییـانە بەهـۆی ناکۆکییەکـانی پـارتی و یەکێتییـەوە بکەونـە مەترسـییەوە و، چەنـدان جـار بەرپرسـە سـەربازییەکانی ئەمریکـا هەڕەشـەی بڕینـی ئـەم یارمەتییەیـان کـردووە. هـەر لـەم چوارچێـوەیەدا "**ماتیۆ مەکفەرلەین**" (***Matthew W. McFarlane***) فەرماندەی گشتیی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی داعش لەنێو کۆنفڕانسێکی ڕۆژنامەوانیدا بەئاشکرا ئەمەی ڕاگەیاند، "**ئەگەر حکوومەتی هەرێمی کوردستان نەتوانێ پابەندی چاکسازییەکانی یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان وەزارتی بەرگریی ئەمریکا و وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان بێت و بەجێیان بگەیەنێت، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی وەزارەتی بەرگری نەتـوانێ بـەردەوام بێـت لـە پێشکەشکردنـی یارمەتییەکـانی.**" [2][3]ئەمـە پەیـامێکی ڕوون و ئـاشکرایە کـە ڕاستەوخۆ لە هەولێرەوە بە هەردوو حزبی سیاسیی دەسەڵاتدار (پارتی و یەکێتی) گەیەندراوە. بێ گومان هۆکاری ئەم ناکۆکیانەی کە لە وەزارەتی پێشمەرگە سەری هەڵداوە، دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی و ململانێکانی پارتی و یەکێتی. بەڵام ئەوە جێگەی سەرسوڕمان و تێڕامانە، کە تا ئێستا هەردوو حزبی سیاسی، پێ ناچێت ئـەم ئاگـادارکردنەوە و هۆشـدارییەی وەزارەتـی بەرگریـی ئەمریکایـان بەهەنـد وەرگرتبێـت. "**مەکفەرلەیـن**" ئاماژەی بەوەیش کرد کە لە مانگی تەممووزی ئەمساڵدا لە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنیان ڕایان گەیاندووە، **کەوا نیگەرانـن لـە بوونی ئـەو کێشـە و گرفتـانەی کـە لـە وەزارەتـی پێشمەرگـەدا هەیـە** و، لـە کۆتـاییی ساڵیشـدا هەڵســەنگاندنێکی تریــان دەبێــت و **مەرجــە حکــوومەتی هەرێمــی کوردســتان زیــاتر هاوکــار بێــت بــۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی یاداشتەکەی نێوان وەزارەتی بەرگریی ئەمریکا و پێشمەرگە**[4]. دیسان لێرە بۆمـان دەردەکەوێـت کـەوا کـاتێکی دیـاریکراو دراوەتـە پـارتی و یەکێتـی بـۆ ئـەوەی لـە ڕێگـەی وەزارەتـی پێشمەرگەوە لەگەڵ وەزارەتی بەرگریی ئەمریکادا زیاتر هاوکار و هەماهەنگ بن بۆ ئەوەی چاکسازییەکانی نێـو وەزارەتەکـە دوور لـە بنەمـا و ئامـانجی تەسـکی حزبـایەتی بەجـێ بگەیەنـن، بەپێچەوانـەوە پشتگیـری و یارمەتییەکانی زلهێزێکی وەکوو ئەمریکا بۆ پێشمەرگە ڕادەگیرێت و کۆتاییی پێ دێت. جا نازانین پارتی و یەکێتی ئەم پەیامەیان بەهەند وەرگرتووە یاخود نا؟

**میکانیزمە سیاسی و یاساییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان پارتی و یەکێتی چین؟**

کێشـە و گرفتەکـانی هێـزە سیاسییەکان لـە هەرێمـی کوردسـتان بـەو جـۆرە نییـە کـە نەکرێـت چارەسـەری گونجـاوی بـۆ بـدۆزرێتەوە، بەپێچەوانـەوە لـە ئەگـەری گرتنەبـەری ئـەم هەنگـاوانەی خـوارەوە، دەکـرێ ئاشتەواییەکی نیشتمانی ڕابگەیەنرێت و سەرجەم لایەنە سیاسییەکان لەژێر چەتری هەرێمی کوردستان کۆ بکرێنەوە:

1. لە ڕووە سیاسییەکەوە، دەبێت هەموو لایەنێکی سیاسی درک بەو مەترسییانە بکات کە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی دەبێتەوە. واتە مەترسییەکان تەنیا لە دژی پارتی نییە بەڵکوو لە دژی کۆی پرۆسەی سیاسییە لە هەرێمی کوردستان؛ چونکە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر هەیە، ئەویش بریتییە لەوەی کە زۆربەی لایەنە سیاسییەکان وایان وێنا کردووە کەوا مەترسی و گوشارەکان تەنیا لە دژی پـارتییە، کەچـی لـە بنەمـادا بـابەتەکە ئەوهـا نییـە و ئامـانجی سـەرەکی، قـەوارەی هەرێمـی کوردستان و ئەزموونەکەیەتی. بۆ ئەم مەبەستە ئەرکی بنەڕەتی دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەم مەترسییانە وەکوو خۆی بگەیەنێتە لایەنە سیاسییەکان لە لایەك

و لە لایەکی دیکەیشەوە لە ڕێگەی دەزگەکانی ڕاگەیاندن و ئەنجامدانی کۆڕ و سمینارەوە، ئەمە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستانیش بخاتە ڕوومەرجە سەرجەم تواناکانی سەرۆکایەتیی هەرێم بخرێتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەوە بۆ خەڵك ڕوون بکرێتەوە کەوا مەترسییەکی ڕاستەقینە هەیە لەسەر قەوارەی هەرێم و خەریکە هێزە سیاسییە عێراقییەکان، بە شیعە و سوننەوە، قەوارەی هەرێمی کوردستان لەناو دەبەن و کەمتر لە ئاستی پارێزگایەك مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکەن؛ تەنانەت قووت و مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمیش وەکوو سواڵکردن و بە منەت و قەرز دەنێرن.

2. واژۆکردنی "**پەیماننامەی شەرەف**" لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، بەتایبەت کە پەیماننامەکە بابەتە چارەنووسسازەکان لەخۆ بگرێت. ئەم هەنگاوەیش پێویستە بە سەرپەرشتیی سەرۆکایەتیی هەرێم و حکوومەتی هەرێم بێت؛ دەستپێشخەرییەکەیش زۆر گرنگە لەلایەن "مەسعوود بارزانی"یەوە بێت بە بەشداریی چەندان کەسایەتیی نیشتمانی و نەتەوەیی و بە شێوەیەك کە لایەنە سیاسییەکانی دیکە متمانەی پێ بکەن. ئەم پەیماننامەیە ئەگەر بتوانرێ متمانەی زۆرینەی لایەنە سیاسییەکانی هەرێم بەدەست بهێنێت، ئەوە دەبێتە بەڵگەیەکی گرنگ کە دەکرێ پشتی پێ ببەسترێت.
3. کارکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەبێ دەستوەردانی دەرەکی و تەنانەت بەبێ دەستوەردانی هێزە سیاسییە عێراقییەکانیش؛ چونکە هەر جۆرە دەستوەردانێکی دەرەکی یاخود ناوخۆیی عێراقی، ئەنجامی باشی لێ ناکەوێتەوە. بەداخەوە بەهۆی ناکۆکی و ناتەبایی نێوان لایەنە سیاسییە کوردییەکانەوە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش کەوتە ژێر کۆنترۆڵی دەزگەیەکی حکوومەتی عێراقی کە بریتییە لە "کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق". بۆیە دەبێت هەرچۆنێك بێت ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە و شەرعییەت بگەڕێندرێتەوە بۆ دەزگەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن لە هەرێمی کوردستان، چونکە ماوەی یاساییان بەسەر چووە و نابێت لەمە زیاتر دوا بکەوێت. کەواتە پێکەوەکارکردن بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، خاڵێکی جەوهەرییە کە نابێت لایەنە سیاسییەکان پشتگوێی بخەن.
4. ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، بە شێوەیەك کۆدەنگیی سەرجەم لایەنەکان بەدەست بهێنیت؛ چونکە بەڕاستی ئەو بارودۆخەی ئێستا کە ژیانی سیاسیی هەرێمی کوردستانی تێدایە، هۆکاری دروستبوونەکەی بە پلە یەك بۆ کێشە ناوخۆییەکان و پابەندنەبوون بە وادەکانی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان دەگەڕێتەوە. بۆیە پێویستە و زۆر زەرووره ئیتر ئەم کێشەیە دووبارە نەبێتەوە و لە ڕێگەی دەرکردنی یاسایەکی بنەڕەتیی هەڵبژاردن چارەسەر بکرێت و، نابێت بە هیچ شێوەیەك یاساکە کەلێن و بۆشاییی تێدا بێت.
5. لایەنی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، دەبێت بە یاسایەکی باش و پێشکەوتوو و دیموکراسییەوە گەرەنتی بکرێت و پارێزگاریی لێ بکرێت. ئەم دەزگەیە مەرجە متمانەی لانی کەم، زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان بەدەست بهێنێت و ستاندارده نێودەوڵەتییەکان لەخۆ بگرێت. هەرچەندە ئێستا دەزگەیەکی سەربەخۆی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەڵام بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکانەوە ئەم دەزگەیە ئیفلیج بووە و کارا نییە. میکانیزم و شێوازی دیاریکردنی ئەندام و کۆمیسیارانی دەزگەکە کە ناوی نراوە "**کۆمیسیۆن**"، مەرجە بەڕوونی دیاری بکرێت و مەجاڵ و دەرفەت بۆ تەفسیراتی جیاواز نەدات.

**کۆبەند**

هەرێمی کوردستان بە مەترسیترین قۆناغیدا تێ دەپەڕێت. هۆکاری سەرەکیی ئەم دۆخەی هەرێمی کوردستانیش بە پلەی یەکەم، دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکی و ناتەبایی نێوان پارتی و یەکێتی. یەکێتی، بەتایبەت لە دوای کۆچی دوایی جەلال تاڵەبانی، تووشی شلەژانێکی مێژوویی بۆتەوە و ناسەقامگیرییەك و کەشوهەوایەکی ناتەندروست لەم حزبە سیاسییە گرنگەی گۆڕەپانی هەرێمی کوردستان دروست بووە. ئەمەیش وای کردووە نەك تەنیا پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی بگاتە خراپترین ئاست، بەڵکوو یەکێتییش لەسەر ئاستی ناوخۆیی حزبیدا ڕووبەڕووی قەیرانی بێمتمانەیی بۆتەوە. ڕاستە لە دوای ساڵی 2003وە تا ئێستا شەڕی ناوخۆ لە نێوان پارتی و یەکێتی سەری هەڵنەداوە بەڵام ناکۆکی و ململانێکان گەیشتوونەتە ئاستێکی مەترسیدار و تەنانەت دەرەنجامی ئاوای لێ کەوتۆتەوە کە زۆر خراپترە لە دەرەنجامەکانی شەڕی براکوژی.

بە واتایەکی دیکە ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر و هەڵمەتەکانی دادگەی باڵای فیدراڵ لە دژی هەرێمی کوردستان، دوو دەرەنجامی کوشندەن کە پەڕوباڵی هەرێمی کوردستانیان کردووە. بۆیە سەرەتا دەبێت سەرکردەکان لەو پەیامە تێ بگەن کە ئیتر کات نەماوە و گوشارەکان نەك قەوارەی هەرێمی کوردستانیان لاواز کردووە بەڵکوو ئەوە خەریکن بەتەواوەتی ئاسمان و سنوورەکانی هەرێمی کوردستانیش کۆنترۆڵ بکەن! پاشان سەرکردەکانی کورد پێویستە ئەم پەیامەیش بەجددی وەربگرن کە ئەم جارەیان ئەگەر یەکگوتار و یەکگرتوو نەبن، ئەوە قەوارەی دەستووریی هەرێمی کوردستان نەك بەلاوازی دەمێنێتەوە بەڵکوو بەتەواوەتی لەناو دەبرێت و کۆتایی پێ دەێت، چونکە بەداخەوە ئیرادەیەکی بەهێزی هێزە سیاسییە عێراقییەکان (پاڵپشتکراو بە هێزیکی هەرێمی) هەیە کە بریتییە لە نەهێشتنی قەوارەی یاسایی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی شارەکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە)یش وەکوو پارێزگاکانی دیکەی عێراق، ببن بە پاشکۆی هێز سیاسییە شیعەکان؛ چونکە لە دوای ڕزگارکردنی شارەکانی ئەنبار و مووسڵ و ناوچەکانی دیکەی عێراق کە لەلایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشەوە داگیر کرابوون، ئەم شار و ناوچە سوننەنشینانە بەتەواوەتی کەوتنە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی حەشدی شەعبی.

ئەوەی لە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیە ماوە، هەرێمی کوردستانە و بە هەر بیانوویێك بێت کار بۆ بەجێگەیاندنی ئەم ئامانجە دەکرێت. بۆیە دەبێ کورد و هێزە سیاسییە کوردییەکان لەوە تێ بگەن کە ئێستا کاتی پێکەوەکارکردن و خەبات و تێکۆشانە بۆ ڕووبەڕووبوونەی ئەم پیلانە ترسناکەی دوژمنانی کوردستان کە دایان ڕشتووە بۆ لەناوبردن و کۆنترۆڵکردنی قەوارەی یاسایی هەرێمی کوردستان بە گشت لایەنە سیاسییەکانییەوە، بەبێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان پارتی یاخود یەکێتی، یانیش لایەنە سیاسییەکانی دیکە بکرێت. لە کۆتا ڕستەدا دەتوانین بڵێین کە، جوانترین و بەهێزترین وەڵامیش بۆ ئەم مەترسییانە: **"ئاشتەوایی نیشتمانی و چارەسەرکردنی ناکۆکییە ناوخۆییەکانە لە هەرێمی کوردستان."**

[1]– بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر شەڕی ناوخۆ، دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://www.kurdistanc.com/Terror/details.aspx?jimare=3297.

[2]. بۆ بینینی لێدوانەکەی ماتیۆ ماکفەرلەین دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن: https://www.youtube.com/watch?v=60pW4glNJEU.

[3]. بۆ بینینی تەواوی لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکەی ماتیۆ ماکفەرلەین، دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن:

.https://rb.gy/264rj

[4]. بۆ بینینی تەواوی لێدوانە ڕۆژنامەوانییەکەی ماتیۆ ماکفەرلەین، دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن: .https://rb.gy/264rj